# لەرۆژی باوکاندا ..
# مۆمەکان کوژانەوە



ئاشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا

دەمێک بوو چاوەڕوانی ئەم رۆژە جوانەم دەکرد، کە ماندوێتی باوکانی تیادا دەبینرێت ئەو باوکەی، کە لەرۆژەوە بۆ رۆژ گاسنی کارو ئیشی لەسەر پشت داناوە بۆ پەیدا کردنی نانی ئاشتی و ئارامی ژیانی منداڵەکانی بە خۆشی ئیواران دەست لەمل کەن، زۆر دەمێکە چاوەڕوانی ئەم یادەوەرییەم دەکرد، کە گوڵێکم بۆ بهێنن مانای وەفاداری رۆژگاری ساڵێک بێت.

ئەمرۆ لەسەرانسەری جیهاندا منداڵان بە بەیانی باش دەست لە ملی باوکانیان دەکەن، بۆ لە ئامێز گرتنی خەمەکانیان و حەسانەوەی ماندوێتیان .. بە دیاری یەکی بچووک، کە دەربڕین لە سۆزی مندلەکانیان دەکەن.

زۆر باوکان بەداخەوە بێ بەشن لەم رۆژە پیرۆزە، دیارە ئازارەکانی زەمەن ئەوەندە تیژە مرۆڤی دوولەت کردوە .. بریارەکان زۆر ئاسنین بەرانبەر بە خۆراگری مرۆڤ .. توورەبوەکان رەشی ژیان ئەوەندە سامناکە رۆژگاری کردوە بە و چەقۆ تیژەو ئەو باوکەی تووشی نەهامەتی کردوو، رۆژی باوکان زیاتر نییە وە کەمتر نییە لە رۆژی ژنان یان ئافرەتان، بۆیە زۆر لە منداڵەکان لەگەڵ هەڵ هاتنی هەتاوەوە دیاری یە بچکۆلەکەیان دەدەنە باوکان و ئەو رۆژە دەچنە دەرەوە پێکەوە نا دەخۆن و رۆژێکی خۆش بەسەر دەبەن .. گوڵێک چەندە بچووکە شێوەکەی کەچی زۆر بە مانایە لە ناو دەربڕینی ویژدانی مرۆڤدا ... ئەو مرۆڤە سەدان جار گەورە دەکاتەوە و خۆشەویستی تیادا دەچێنێت.

لەم رۆژەی مندا بەداخەوە ووشەکان لاڵ بوون بۆ دەربڕینی ئەو خۆشەویستییە، کە دەستی پیسی رۆژگار توانی رۆژگاری دایکان و باوکان دوو لەت بکات ..

منداڵەکان دوو لەت بکات و خۆشەویستی بکات بە رابردوو، دوو کەس پێکەوە دەڕۆین و تەنها پەنجەی نێو دەستمان دەدوێن باسی رابردوو دەکەن.. خەونەکان خۆیان دەکوژن .. نامەکان داوای دادگای خۆیان دەکەن.. لە رۆژی باوکاندا.. پێکەنینی بێ کۆتایی .. تابلۆیەک بوو بۆ رۆژگاری داهاتوو ..



لەلای من و کەسانی تریش .. کۆتایی رۆژ .. دەرگایەکی ئاسنیینی بەهەزارەها ئەڵقە ڕێز و بە بورغوو داڕێژراو کۆتایی بەو رۆژە هێنا.. مۆمەکان زۆر خۆشە دابیگرسێت و تەمەنێکی نوێ تۆمار بکات، کەچی ئەو دەستەی کە توانی خۆشەویستی 20 ساڵ بکوژێنێتەوە، توانی ئەم رۆژە پیرۆزانەش وەکو مناڵان و دایکان و خۆشەویستی و باوکان و کرێکاران و ژوانەکان ئەویندارى و ..... هتد. ملیان لە بندا هەڵبکێشێت و توڕیان داتە ناو ڕاینەوە و تێکەڵی کات بە دەریای باکوور.

لە ناو شەقامەکانی رۆتردام و کۆڵن و بەرلین و رۆماو سیدنی و ستۆکهۆڵم و تۆرنتۆ دا بە هەزاران دەسکە گوڵ بوون بە جوانی ئەم رۆژە پیرۆزە، کە رۆژی باوکانی پێ دەوترا... باڵندەکانیش ئەو تابلۆیە بوون، کە بەرەو کۆتای دەریاکە کۆچیان کرد... بارانی عەشقیش لەم ئێوارەیەدا باری و هەمووومانی تەڕ کرد.